DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi2.71
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

# بنەمای تۆڕی کۆمەڵایەتیی لە فرەچەشنێتیی زمانی کوردیی دا

پ ی د. شاخەوان جلال حاجی فرج
shakhawan.faraj@univsul.edu.iq
بەشی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

## پوختە

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (بنەمای تۆڕی کۆمەڵایەتیی لە فرەچەشنێتیی زمانی کوردیی دا)یە و دەچێتە بواری زانستیی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، تایبەتە بە پەسنکردن و شیکردنەوەی چەمکی تۆڕی کۆمەڵایەتیی و دابەشبوونی یەکە زمانییەکان بەپێی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەران و کاریگەرییان لەسەر گۆڕان و فرەچەشنێتیی زمانی کوردیی. لێکۆڵینەوەکە دوو بەشی لەخۆگرتووە، بەجۆرێک لە بەشی یەکەمدا بایەخدراوە بە خستنەرووی تیۆریی تۆڕی کۆمەڵایەتیی و پێوەرەکان و جۆرەکانی و بۆچوونەکان لەبارەیەوە ، هاوکات بەستەرە بەهێز و لاوازەکان، کە هۆکاری گۆڕان و نوێگەریی زمانیین، خراونەتەروو. بەشی دووەمیش بۆ لایەنی کاریگەریی بەستەرەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی لە فرەچەشنێتیی زمانی کوردیی دا تەرخانکراوە. لە کۆتاییدا ئەنجامە زانستییەکان بەپێی میتۆدی ئاماریی (SPSS) دەستخراون و، پاشان بەپێی تیۆری تۆڕی کۆمەڵایەتیی و ڕێبازی پەسنی- شیکاریی، شرۆڤەکراون.

کلیلە وشەکان: تۆڕی کۆمەڵایەتیی، فرەچەشنێتیی، توانستی کۆمەڵایەتیی، بەستەری بەهێز، بەستەری لاواز، بەستەری تاقانە، بەستەری فرەڕەهەند.


E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268-

## ١) تۆڕی کۆمەڵایەتیی (چەمک و تێڕوانین)

مرۆڤ لە سەرەتاکانی دروستبوونییەوە لەم جیهانەدا، هەوڵی بەکۆمەڵ ژیانی داوە و، سروشتی مرۆڤیش هەر لە بنەماوە خاوەنی ئەم خەسڵەتە بووە، لەم ڕوانگەیەوە چەمکی تۆڕی کۆمەڵایەتیی(Social Network)) دەبێتە چەمکێکی بنەمایی بۆ ئەم توێژینەوەیە.

تۆڕی کۆمەڵایەتیی دەکرێت بەوە بخرێتەڕوو، کە (پەیوەندییەکی ڕێککەوتنە لەنێوان تاکەکان خۆیاندا، ئەم پەیوەندییەش دەکرێت لە ڕێگەی گروپێکی کۆمەڵایەتیی، یان جوگرافییەوە دروستببێت). لەم ڕوانگەیەوە پێدەچێت جیاکردنەوەی کەسەکان بۆ گروپی کۆمەڵایەتیی، لەسەر بنەمای فاکتەری جیاواز (بنەمای پرستیژ، گرنگیی کارەکان) پۆلبکرێت، کە کۆمەڵ وەریدەگرێت (Miriam Meyrhof: ٢٠١١:١٩٤)، (جێی ئاماژەپێکردنە، ئاڕاستەیەک بە تەواویی خۆی لە زاراوەی جڤاتی ئاخاوتن بەدووردەگرێت، بەڵام لەکۆمەڵگەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک گروپ دەکات، کە هەمان تایبەتمەندیی زمانیی جیاکەرەوەیان هەیە، سەرباری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی تر، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، ئەم گروپانە ئەوانەن، کە قسەکەری تاک هەست بە بوونیان دەکات، (هدسون، ت: محمود عبدالغنی عیاد :١٩٨٧:٥٥)، تۆڕی کۆمەڵایەتیی، گروپی جڤاتەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی و خودیی جیاکراوەی کەسەکان پۆلێندەکات. تۆڕی کۆمەڵایەتیی بەم پێوەرانە دەناسرێتەوە و پێناسەدەکرێت، هاوڕێکانت کێن و لەکێوە نزیک دەژین، لەگەڵ کێدا دەخۆیت و دەخۆیتەوە، لەگەل کێدا کاردەکەیت؟ هاوکات شیکەرەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەش دەخەنەڕوو، کە کۆمەڵێک لە ئەندامی گروپەکان چۆن هاوبەشن لەگەڵ یەکتردا و چۆنیش جیاوازن.

بۆ زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی، گرنگە هەست بەوە بکەین، کە تەرزە پەیوەندییدارەکان چین، لەنێوان ئەو کەسانەدا، کە هاوڕێن و پێگەی کۆمەڵایەتیی یەکسانیان هەیە، ئەمە لەبەرئەوەی تەرزە زمانییەکان زۆر بەخێرایی دەگۆڕێن، جیادەبنەوە و زۆر ڕێک لەگەڵ کەسانی هاوسێرە و هاوتەمەندا دێنەوە، کە لە کۆمەڵێک بنەمای (ئامانج، خولیا....هتد)دا هاوبەشن، بەڵام ئەوانەی پەیوەندییەکەیان ستوونییە و هاوتەمەن نین، خاو ڕوودەدات، بۆ نموونە بەشێوەیەکی گشتیی وناسراوە، کە منداڵەکان زیاتر وەک هاوڕێکانیان قسەدەکەن، نەک باوانیان، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە وشەی (ئەشق شێت) لە ئێستادا لەنێو هەرزەکاراندا بۆ کەسانێکی سەرلێشێواو و خەمۆک و نائاسایی بەکاردێت، وشەکە زۆر بەخێرایی لەناو ئەو هەرزەکاراندا بڵاوبووەتەوە، بەڵام لەگەڵ کەسانی تەمەن گەورەدا ئەو بەشدارییەیان نییە. جێی ئاماژەیە کارەکانی (لابۆف، فیشمان) لەم شێوەیەن. (Miriam Meyerhoff:٢٠١١:١٩٤ )

چەمکی تۆڕی کۆمەڵایەتیی لەلایەن (LesleyMilroy &James Milroy)هوە ناسێنراوە، (هەریەک لەوان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەسەر سێ گروپی جڤاتی کۆمەڵایەتیی لە (بەلفاست) و (باکوری ئێرلەندا) کاریانکردووە، فرەچەشنیی زمان لەم کۆمەڵانەدا )بەلفاست (دەکرێت لەسەر بنەمای جیاوازیی دروستەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی قسەکەرەکان ڕاڤەبکرێت. لێرەدا پەیوەندیی نێوان فرەچەشنێتیی زمان و قسەکەرەکان لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتییدا پێکەوەبەستراونەتەوە.

(Lesly Milroy&sue Margrain: ١٩٨٠: ٤٣-٧٠ )

### ١/١) ناساندنی تۆڕی کۆمەڵایەتی:

مەرجی ئەندامبوون لە گروپێک، یان پۆلێکی کۆمەڵایەتیدا، بە کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکییەوە بەندە،

تایبەتتریش بە کاری کەسەکەوە پەیوەستە، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە چ پێوەرێك ئەندامێتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاریدەکات؟ (Miriam Meyerhoff:١٩٥:٢٠١١) بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە تاووتوێبکەین، پێویستە ئەوە بزانین تۆڕی کۆمەڵایەتی، میکانیزمێکی نابەرجەستەیە، کە لە کۆمەڵدا ئاماژە بە پەیوەندیدارێتیی گرێبەستی تاک لەگەڵ تاکەکانی تر لە کۆمەڵدا دەکات. تۆڕی کۆمەڵایەتی، پەیوەست بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە والێیدەڕوانرێت، ئەگەر کۆمەڵ وەک (گشتێک) بە ئاستێکی ماکرۆ ببینرێت، ئەوا دەکرێت تۆڕی کۆمەڵایەتی وەک ئاستێکی میکرۆ پەسنبکرێت، بۆنموونە (خێزان، هاوڕێ، دراوسێ) وەک تەرزێک لە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی نێو کۆمەڵدا دیاریدەکرێت (چامبەرس، ١٩٩٥)، سەرەتا تۆڕی کۆمەڵایەتی لە زانستی کۆمەڵناسیدا وەك بوارێکی زانستی کۆمەڵناسی ناسێنراوە. (بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر دەروازەکانی کۆمەڵناسی و بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە: (مەنوچیهر موحسنی، و: ڕێبوار سیوەیلی و چەند وەرگێڕێک :٢٠٠٢ _ حەمید عەزیز :٢٠١١). تۆڕی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر چۆنێتیی بڵاوکردنەوەی هاریکاریکردن لەناو کۆمەڵدا هەیە، بۆ نموونە براندە جیهانییە بەناوبانگەکان، بۆ بەبازاڕکردنی کاڵاکانیان وەک (جلوبەرگ)، چۆن سوود لە تۆڕی کۆمەڵایەتی وەردەگرن، ئایا بڵاوبوونەوەی تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجی، کاریگەری لەسەر داهێنانە زمانییەکان هەیە؟ لێرەوە گرنگە پرسیار لەسەر پێناسەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بکرێت؟ بۆ ئەم کارە پێویستە لێکۆڵەرەکە وردبێتەوە لەوەی، کێ لەگەڵ کێدا کارلێکدەکات و بۆچی و چۆن کارلێکدەکەن؟ ئایا بە هێواشی ئەم تەرزە کارلێکییانە بەرەبەرە دەردەکەون؟ هەروەها ئەو تایبەتمەندییە خودییانەی تۆڕی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن چین؟ ئەم میتۆدە بەسودەو جیاوازیی لەوەدایە بابەتییانە وەک سەرژمێرییکردن وێنەیەکی گشتگیرمان دەداتێ و ئەو ڕێگەیەمان نیشاندەدات، کە لەو کاتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە کراوە، چۆن کۆمەڵ پێکهێنراوە/ ستراکچەرکراوە. ڕێگایەکی تری دیاریکردنی تۆڕ بریتییە لەوەی، لێکۆڵەر خۆی ڕێگەبدات بەو کەسانەی، کە هەڵیاندەبژێرێت، خۆیان باسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەیان بکەن، بۆ نموونە دەتوانێت سانایانە پرسیار لەسەر بابەتەکانی ناو لێکۆڵینەوەکەی بکات، هاوڕێ نزیکەکانت کێن؟ یاخود ناوی هەموو ئەو کەسانە بڵێ، کە دوێنێ قسەت لەگەڵ کردوون. لێکۆڵەرەکە دەتوانێت لەسەر بنەمای وەڵامی ئەم پرسیارانە تۆڕێک دروستبکات. (تیم) لەوانەیە ناوی (نیک) وەک هاوڕێیەکی نزیک بهێنێت، بەڵام نیک هەمان کار ئەنجامنادات، ئەمە لەوانەیە:Miriam Meyerhoff:١٩٥:٢٠١١) )

## ١/ (نیک) بەو شێوەیە بیر لە (تیم) نەکاتەوە، کە (تیم) بیریلێدەکاتەوە.

٢/ یاخود لەبەرئەوە بێت، کە بیریچووبێت ناوی (تیم) بهێنێت، (ئەمە لەگەڵ هاوڕێ باشەکانیشدا لەوانەیە ڕووبدات). لێکۆڵەر پێویستە بڕیاربدات چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخێکی لەم شێوەیە بکات، کاتێک دوچاریدەبێتەوە؟ ئەگەر ڕاپۆرتی بابەتەکانی خۆیان وەک بنەمایەک بۆ سەرلەنوێ بنیادنانەوەی وێنەیەکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەیان بەکاربهێنرێتەوە، دەتوانرێت هەموو ئەو زانیارییانەی، کە پێیدراوە، شیبکرێتەوە، تەنها ئاماژە بەو پەیوەندییە ناونانانە بکرێت، کە دوولایەنن، بۆ نموونە (کاتێک ئان ناوی جۆ دەهێنێت و جۆ ناوی ئان دەهێنێت)، جێشایەر لە ئەنجامی درککردن بە جیاوازیی کەسانێک، کە چەقی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەن (Core member) و کەسانێک، کە کەمتر تێکەڵ بە تۆڕەکە بوون، واتە ئەو کەسانەی بنەمایی نین و کەمتر بە تۆڕەکەوە پەیوەستن. دوو جۆر کەسی لە گرووپەکەدا جیاکردەوە؛ ئەندامی ناوەکی و ئەندامی پەڕاوێزیی. Miriam

Meyerhoff:2011:196))

لێرەدا گرنگە لەسەر تایبەتمەندێتیی تۆڕی کۆمەڵایەتی بدوێین، تایبەتمەندێتیی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەهۆی پەیوەندیگرتنی تەرزەکانی نێوان ئەندامەکانییەوە پێناسەکراوە، بە جۆرێک (چەند ئەندامەکان دەربارەی یەکتر دەزانن؟)، هەروەها چۆن ئەم تەرزانە جۆرە جیاوازەکانی دروستەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بونیاددەنێن، بەجۆرێك دەتوانێت پێکەوەبەستنەوەی تاکەکان لەناو تۆڕەکەدا نیشانبدات. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت دروستەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکە بەهۆی چڕی و فرەپەیوەندیدارێتییەوە دیاریبکرێت. پێشوتر ئاماژە بە ژمارە، یان بڕی بەستەرە کۆمەڵایەتییەکان لەناو تۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا دراوە، واتە (چەند ئەندام دەربارەی یەکتر دەزانن)، دواتر ئاماژە بەچۆنیەتیی بەستەرە کۆمەڵایەتییەکان دراوە، واتە (تا چەند ئەندامەکان دەربارەی یەکتر دەزانن). فرەپەیوەندیی Multiplexity ئاماژە بە هەر هۆکارێک، یان بەستەرێک دەدات، کە دەکرێت لە پەیوەندییدارێتیی کۆمەڵایەتیدا قووڵبن، بۆ نموونە ئەگەر دوو کچ تەنها خوشک نەبن، بەڵکو هاوڕێی نزیکیش بن، هەروەها ئەگەر پێکیشەوە کاربکەن، ئەوا دەکرێت بگوترێت ئەم دوو کچە بە سێ ڕێگا لە فرەپەیوەندێتیدان (هاوخوێنی/ خێزانی، هاوڕێیەتی، شوێنی کارکردن)، بەمپێیە تایبەتمەندێتیی بەستەرە کۆمەڵایەتییەکانیان فرەپەیوەندییە. لەم ڕوانگەیەوە پێگەی ئەندامە سەرەکییەکان بەپێی پلەی پێکەوەبەستنیان/ تێکەڵبوونیان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەکرێت (ئەندامی ناوەکی)، یاخود ئەندامە پەراوێزییەکان (ئەندامی دەرەکی) نیشانبدات. بەکارهێنانی زمان پشت بە قوڵیی پەیوەندیی ئەندامەکان دەبەستێت، کە لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا پێکەوەدەبەسترێنەوە، یاخود تێکەڵدەبن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی نۆرمەکانی تۆڕێکی دیاریکراو و بەهای گرتنەوەی نۆرمەکانی، هەروەها بەکارهێنانی زمان تایبەتمەنددەکرێت، زۆرێک لە تاکەکان/ ئاخێوەرەکان بە تۆڕێکی کۆمەڵایەتییەوە دەبەسترێنەوە، کە پەیوەستەگییان بەبوونی نۆرمەکان و بەهای ئەو تۆڕەوە هەیە. چەمکی تۆڕی کۆمەڵایەتی، گرنگیی هۆکاری کۆمەڵایەتی (بۆ ئاخێوەرانی ترو فرەچەشنێتیی زمانییان) ڕووندەکاتەوە. (.Http://www.ello.uos (de/field.php

## ٢/١) بەستەرەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی:

بەگشتی تیۆری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، بە جیاوازیی چۆنایەتیی بەستەرەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی دەناسرێتەوە، کە هەریەك لە (بەستەری بەهێزو لاواز)ی تۆڕی کۆمەڵایەتین. بەستەری بەهێز نموونەیەکی پەیوەندییە لەنێوان خێزان و هاوڕێ نزیکەکاندا، تایبەتمەندێتییان بۆ چەندجارەیی کارلێککردن و پەیوەستدارێتیی تاك بۆ زیاتر لە توانایەکی کۆمەڵایەتی (social capacity) دەگەڕێتەوە، (هەروەك دوو کەس، کە هەردووکیان سەر بەخێزانێك بن و هاوبەشییەکی کار/ ئیشکردنیان هەبێت)، لەڕووی ناوچەییشەوە بنەمایەکی گروپییان هەبێت، (هەروەك کومەڵە زیندووەکان، واتە ئەو کۆمەڵانەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە).

بەستەری لاوازیش، جۆرێکی پەیوەندیدارێتییە لەنێوان کۆمەڵە ناسیاوەکاندا - دوو کەس، کە تەنها سڵاوکردن لەنێوانیاندا هەبێت، یان تەنها یەکتر بناسن-، تایبەتمەندێتیی ئەمجۆرەش بۆ کەمجاری و زۆریی پەیوەندییە ڕاگوزەرەکان و نەبوونی هیچ پەیوەندییەکی ناوچەیی دەگەڕێتەوە. بۆ زیاتر وردبوونەوە، بڕوانە: (Granovetter Mark :1360:1973-1380)

بەمپێیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای بەهێزو لاوازیی بەستەرەکانیان جیاوازن، وەك ئاماژەی بۆ

کرا تۆڕی بەهێز/ توند تۆڕێکە، کە ئەندامەکان لەنێویدا هەموو یەکتر دەناسن، بۆ نموونە ئەگەر لە (پێنج) هاوڕێ بپرسرێت (دوێنێ قسەت لەگەڵ کێ کرد؟)، یەکێك لەلایەن چوار کەسەکەی ترەوە ناویهێنرا، ئەوا ئەو کەسە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی توندو بەهێزی هەیە، بەڵام ئەگەر کەسێك لەلایەن چوار هاوڕێکەی ترەوە بە ئەندازەیەکی کەم ناویهێنرا، ئەوا ئاماژە بەوە دەکات ئەو کەسە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی لاوازی هەیە.

جیاوازیی نێوان (تۆڕی کۆمەڵایەتیی بەهێزو لاواز) بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتیی گەشە و گۆڕانەکان بەهۆی کۆمەڵەوە، گرنگە. بەپێی بۆچوونی میلرۆی، جیاوازیی نێوان ئەو دوو تۆڕە پەیوەست بە زمانەوە، بەگشتی بۆ چۆنێتیی گۆڕانی زمانی دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکان، یان ڕێگە بە گۆڕانێکی هێواش دەدەن، یان بەربەستن و ڕێگە لە گۆڕانی زمانی دەگرن. ئەو لێکۆڵەرانەی بواری لێکۆڵینەوەیان بۆ پشکنینی ئەم چەشنە تۆڕانە تەرخانکردووە، گریمانەی ئەوە دەکەن، کە ئەندامەکان (بەئاگایی بێت، یان نائاگایی)، بە هۆکاری بەهێزیی پەیوەندییان بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چڕو بەهێز کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی یەکتر دەکەن، لەگەڵئەوەشدا، لەبەرئەوەی پەیوەندیی ئەندامەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی بەهێز لە دەرەوەی تۆڕەکەدا، یاخود لە پەراوێزی تۆڕەکەدا تارادەیەك ڕووکەشییە، پێڕەوبەندانە کەمتر لە دەرەوەی تۆڕەکەدا دەرفەتی کرانەوەو نوێگەرییان دەبێت. ( James Milroy& Lesly Milroy: ١٩٧٨ : ٢٠٢-٢٠٣, ٢١٣)

بەرانبەر بەوە تۆڕی کۆمەڵایەتیی لاواز وا لە تاك دەكات زیاتر بۆ گۆڕان کراوەبێت، ئەو بەستەرانەی ئەندامەکان بە تۆڕەکانی دیکەوە دەبەستن، دەرفەتێك بە ئەوان دەدات، تاکو بۆ نوێگەری لە دەرەوەی تۆڕەکانیان کراوەبن، زیاتر لەمەش هێزێکی پێوەری، یان ستانداردانە بۆ هەر تۆڕێك کەمدەکاتەوە، لەبەرئەوە ئێمە وەها گریمانەدەکەین قسەکەرەکان پێویستە ئامادەبن ژمارەیەك نۆرمی جیاوازی تۆڕیان هەبێت، کە بەستەرە لاوازە کۆمەڵایەتییەکانیان بە ئەندامەکانیان دەدات.

جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرەی بەستەرەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی، پەیوەستە بە جیاوازیی نۆرمەکان لە بەکارهێنانی گۆڕاوەکانی زماندا، پەیوەست بەمەش (میگان ٢٠٠٠) دەستیکرد بە لێکۆڵینەوەی تەرزەکانی بەکارهێنانی زمان لەنێو کۆمەڵی لیوزیانا ئەفریقییە ئەمریکییەکان، کە وەك کریولییەکان دەیناسێنێت، ناوبراو ئەو تۆڕە بەهێزەی دۆزییەوەو وەك گۆڕاوێکی نازمانیی بەسود بۆ پارێزگاریکردن هەم لە تەرزەکانی زمان و هەم لە لەدەستدانی زمان، وێنایکرد.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکەی میگان میلانکۆن، هەوڵی خستنەڕووی فرەچەشنێتیی زمانی کوردی پەیوەست بە تۆڕەکانەوە دەدەین، بۆ ئەمەش پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە لێکۆڵینەوەکەی ناوبراو بدەین:

میلانکۆن بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەشێك بوون لە لێکۆڵینەوەکەی، ئاماژەی بە خاڵەکانی تۆڕەکەی دابوو، بەجۆرێك ئەو خاڵانەش بەپێی (٥) بنەما داڕێژرابوون :

١- ماوەی چەندە ئەو کەسە لێرە دەژی؟

٢- ئایا هاوسەری کەسەکە لە شارەکەدا ئەندامی خێزانێکی خۆیی/ ناوچەیی بووە؟

٣- ئایا ئەو کەسە لەو شارە کاری هەبووە؟

٤- ئەو کەسە چەند بەشداریی (چالاکیی کەیفسازی) لەو شارەدا کردووە؟

٥- چەند هاوڕێی لەو شارەدا دەژی؟

ئەنجامی دەستنیشانكردنی بەستەرەكان بەپێی ئەو خاڵانە بوو، كە لەسەر تۆڕەكان دانرابوو، پاشان خاڵی تۆڕەكانی بەراوردكرد بەوەی چەند جار كەسەكە كریۆلی فەرەنسی بەكاردەهێنێت. دواتر گریمانەی ئەوەی كرد، كە تۆڕەكانیش بۆ كواڵێتیی بەستەرەكان لەنێوان تاكەكاندا جیادەكرێنەوە، واتا ئەگەر بەستەری تۆڕی نێوان دوو كەس لەسەر یەك پێوەر بنەمابكرێت، بۆ نموونە دوو كەس پێكەوە كاردەكەن، سەر بە خێزانێكن، منداڵەكانیان لەهەمان یانەی مەلەوانین، ئەوا ئەم بەستەرە، بەستەری تاقانە (Uniplex tie)یە، هاوكات ئەگەر دوو كەس لە چەند ڕوویەكی جیاوازەوە یەكتربناسن، بۆ نموونە ئەگەر دوو كەس باشترین هاوڕێی یەك بن، لە هەمان كۆرسی زانكۆ بن، لە پشووی كۆتایی هەفتەدا لە هەمان یانەی شەوانە كاربكەن، بەستەرەكانیان بە سێ ڕێگەی توند بەستراونەتەوە، ئەوا ئەو بەستەرە، بەستەری فرەڕەهەند (Multiplex tie) ە. (Miriam Meyerhoff:١٩٨:٢٠١١))

بەپێیە گریمانەكەی میلانكۆن بۆ تۆڕی لاواز، پشت بە زۆرینەی بەستەرە تاقانەكان دەبەستێت، ئەمەش وادەكات بۆ ناساندن و گواستنەوەی نوێگەری لەچاو تۆڕێكی چڕو بەهێزدا زیاتر كراوەبێت.

زمانەوانەكانی بواری زانستی زمانی كۆمەڵایەتی، شیمانەی ئەوە دەكەن، كە تاك لە چەقی تۆڕەكاندا بە شێوەیەكی سەرەكی بەهۆی بەستەرە بەهێزەكانەوە خواستی بەكارهێنانی زمانێكی ناستاندارد و فرەچەشنی زمانی بازاڕییان هەیە.

ئەو كەسانەش، كە لە پەراوێزی هەمان تۆڕدان، بەهۆی كەمیی هەمان بەستەری بەهێز، مەیلی كەمتر لە بەكارهێنانی فرەچەشنیی بازاڕییان هەیە، بەمشێوەیە بەستەرە بەهێزەكان بە بۆچوونی میلرۆی، پەیڕەوی نۆرمە ناستانداردو بازاڕییەكان دەكەن.

ئەم تەرزانە ڕێگەی بە میلرۆی دا بۆ خەملاندنی ئەو گۆڕانە زمانییانەی، كە ڕاستەوخۆ لە ستانداری جیاوازەوە بەهۆی بەستەرە لاوازەكانی تۆڕەوە پەرشدەبنەوە. لەكاتێكدا مەیلی گەشەكردن، یان گۆڕانە جیاوازەكان لە ستانداردی جیاوازدا، ڕاستەوخۆ لە فرەچەشنیی بازاڕی و ناستانداردەوە بەهۆی بەستەرە بەهێزەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە پەرشدەبێتەوە. پەیوەست بەمەوە لە كۆمەڵگای كوردیدا فرەچەشنێتیی زمان پەیكاڵە بە بەستەرە بەهێزەكانەوە و بەكارهێنانی فۆڕمە نەریتی و ستانداردەكانیش لەلایەن ئاخێوەرانی تۆڕی بەستەرە لاوازەكانەوە چالاكن (سەلماندنی ئەم بۆچوونە، لەلایەنی كارەكیی ئەم لێكۆڵینەوەیە لەبەشی دووەمدا دەبینرێتەوە).

بەپێچەوانەوە، ئەو كەسانەی بە زۆری بەستەرە لاوازەكان پێكیانەوە دەبەستێتەوە، مەیلی پەیڕەوكردنی نۆرمە ستانداردەكانیان هەیە، واتە مەیلیان بۆ چەندجارەیی فرەچەشنی پەیوەست بە فرەچەشنیی ناسینەوەی ستانداردەوە هەیە، هەروەك لە كۆمەڵگەیەكی ئەكادیمیدا بەكارهێنانێكی ستانداردانە لەنێوان بەشداربووانی كۆمەڵگە ئەكادیمییەكەدا هەیە.

ئەمجۆرە جیاوازانەی چۆنایەتیی لەنێوان جۆرەكانی بەستەری تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا وەك بنەمایەك بۆ شیكردنەوەی زانستی زمانی كۆمەڵایەتی، بەكارهێنراون. زۆربەی زمانەوانەكانی زانستی زمانی كۆمەڵایەتی، خۆڕسكیانە ئەوەیان باسكردووە، كە هەندێك بەستەری تۆڕی كۆمەڵایەتی بۆ قسەكەرەكان دەشێت زیاتر لە بنەما كۆمەڵایەتییەكانی تر گرنگتر بێت، هەرچەندە لە لێكۆڵینەوە كارەكییەكاندا پەی بەوە براوە، كە ئەم خۆڕسكییە بە تەواوی بەو لێكۆڵینەوانەوە بەستراوەتەوە، كە قسەكەر وەك ئەندامە كارەكییەكانی كۆمەڵ دەبینرێت، ئەگەرچی زەخیرەی هاوبەش دەشێت شێوازی قسەكردن بێت، بەڵام دیسان پراكتیزە كۆمەڵایەتییەكانی

دیکـەش دەگرێتـەوە، هـەروەک لـە بـواری زمانـدا ڕێـگا هاوبەشـەکانی دەربڕینـی وشـە، شـێوازی بـازاڕی، جارگـۆن، نوکتـەکان دەگرێتـەوە. (John Paolillo:١٩٩٩ Volume ٤, Issue ٤,)

## ٢ ) لایەنی کارەکیی کاریگەریی بەستەرەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە فرەچەشنێتیی زمانیدا:

تـۆڕی کۆمەڵایەتـی وەک هۆکارێکـی دیارخـەری گۆڕانـی زمانـی و بەرجەسـتەکردنی پەیوەندیـی زمانـی، لێیدەڕوانرێـت. پەیوەسـت بەمـەش، زۆرجـار لـە زانسـتی زمانـی کۆمەڵایەتیـدا، لێکۆڵینـەوە ئەزموونییەکانـی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی، بـە وردی، تـۆڕی کۆمەڵـە بچوکـەکان تاقیدەکەنـەوە، بەجۆرێـك لێکۆڵەرانـی ئـەم بـوارە، تیشکدەخەنەسـەر پەیوەندیـی نێـوان تاکـەکان، بـە واتـا جەخـت لـە تایبەتمەندییەکانـی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی و توانـای زمانییـان دەکەنـەوە، لـەم چوارچێوەیـەدا گۆڕانـی زمانـی وەک پرۆسـەیەکی پەرشـبوونەوەی هەندێـک ڕەگـەزی نوێـی زمانـی دەبینرێـت، هـەروەك (نوێگـەری لـە زمـان یاخـود لەجڤاتـی زمانیـدا، ئـەم پرۆسـەیەش دەکرێـت بـۆ دوو بەشـە پرۆسـەی دیکـە دابەشـبکرێت هـەروەك (أ. گـۆڕان، ب. پەرشـبوونەوە).

مۆدێلـی (پارادیگما)ی (لابـۆڤ) ڕێگـە بـە توێـژەران دەدات پەیوەندییەکانـی نێـوان فرەچەشـنێتیی زمانـی و گۆڕاوەکانـی قسـەکەر، وەک (تەمـەن، توخـم، ئـاکار، تـۆڕی کۆمەڵایەتـی و پۆلـی کۆمەڵایەتـی) بـە ڕێگەیەکـی پێڕەوبەندانـە تاقیبکەنـەوە. ئەمـەش ئـەو بنەمـا زانسـتییە دەردەخـات، کـە فرەچەشـنێتیی زمـان لـە شـارێکدا لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە ڕێکخـراوە، نـەک هەڕەمەکـی بێـت، واتـە گۆڕانـە زمانییـەکان بەپێـی بنەمـای کۆمەڵایەتـی ڕوودەدات، ئەمـەش بـوو بـە پێوەرێـک بـۆ تێگەیشـتن لـە میکانیزمەکانـی گۆڕانـی زمانـی. بیرۆکەیەکـی سـەرەکیی دیکـە لای لابـۆڤ، دەربـارەی جڤاتـی ئاخاوتـن (پۆلـی کۆمەڵایەتـی)، هاوبەشـێتیی بەهاکانـی کۆمەڵـە، کـە لـە پەرەسـەندنی نۆرمـە زمانییەکانـدا ڕەنگدەداتـەوە، ئـەم ڕێگەیـەش بـۆ نیشـاندانی فرەجـۆری، یـان دابەشـبوونی نێـوان قسـەکەران خۆیانـە. نووسـەرەکان ڕوونیانکردووەتـەوە، کـە فرەچەشـنێتیی ئێسـتای قسـەکەر، تەنهـا بەپێـی مـەودای کۆمەڵایەتیـی کەتیگۆرییـەکان حوکمناکرێـت، بەڵکـو بەپێـی ئەرکـی کارلێککردنـی پەیوەندیـی نێـوان قسـەکەرەکان حوکمدەکرێـت و ئەرکـە کۆمەڵایەتییەکانیـش ڕۆڵیـان لـە فرەچەشـنێتیی ئاخاوتنـدا هەیـە. هەروەهـا لێکۆڵـەرەکان باسـیان لـەوەش کـردووە، کـە ئاسـتیکی بـەرزی بەرگریکـردن دژی گۆڕانـی زمانـی لـە دیراسـەکردنی کۆمەڵـدا، ئەنجامـی هێـزو فرەپەیوەندیـی بەسـتەری نێـوان ئاخێـوەر/ بکەرەکانـە. James Milroy& lesly Milroy١٩٩٣, ١١-٥١) )

تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لـە گروپـە کۆمەڵایەتییەکانـدا چەقـی ئـەو تیۆرییانەشـن، کـە مۆدێلـی هەمەچەشـنێتی و بڵاوبوونـەوە/ پەرشـبوونەوەی پێداویسـتییە مـاددی و ناماددییەکانـن، لـەم ڕێبـازەدا پرنسـیپی تـۆڕ بەشـێکە لـەو لێکدانـەوە سـنووردارانەی، کـە ڕێگـە بـە دیاریکردنـی میکانیزمەکانـی پەرشـبوونەوەی هەمەچەشـنێتی و تاڕادەیـەک پاراسـتنی نۆرمـەکان دەدەن. گرتنەخـۆی شـیکردنەوەی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی لـە لێکۆڵینەوەکانـی هەمەچەشـنێتیی زانسـتی زمانـی کۆمەڵایەتیـدا بەهـۆی ڕوانگـەی (جڤاتـی ئاخاوتـن)ەوە ڕووندەکریتـەوە، کـە سیسـتمێکی کۆمەڵایەتیـن (لـە زانسـتی زمانـی کۆمەڵایەتیـدا گرنگییەکـی تایبـەت بـە گۆڕانـی زمانـی و جیاوازیـی زمانـی دەدرێـت، بەوپێیـەی دوو چەمکـی بنەماییـن لـەم زانسـتەدا، لەمبارەیـەوە فیشـمان و لێکۆڵەرانـی دوای ئـەو باوەڕیـان وایـە، کـە ئەرکـی زانسـتی زمانـی کۆمەڵایەتـی، پەسـنکردنی (هەمەچەشـنییە زمانییـەکان، ئەرکەکانیـان، قسـەکەرەکان)یانە. پێویسـتە ئـەوە لەبەرچاوبگیرێـت ئـەم سـێ فاکتـەرە کار لەیەکتـر دەکـەن و بەشـێوەی لەبڕیدانـان لەچوارچێوەی کۆمەڵـی زمانیـدا کاری لێدەکرێـت، جرهـارد هلبـش ت: سـعید حسـن بحیـری ;٢٠٠٧:٣٦٦)، هەروەهـا پێگـەی قسـەکەر پشـت بـە کـردەی پەیوەنـدی و ڕادەی کۆمەڵایەتیبوونـی دەبەسـتیت. بەمپێیـە چالاکیـی کۆمەڵایەتـی، یەکسـاندەبێت بـە پەیوەنـدی و لێکگەیشـتن، هەروەهـا بەسـتەرە کۆمەڵایەتییـەکان بەهـۆی ئاڵوگـۆڕی

زارەکییـەوە جێگیردەبـن، لـە ئێسـتادا ئـەم ڕوانگەیـە لـە تیـۆری کۆمەڵایەتـی و تیـۆری زمانـدا، پێکهاتەیەکـی سـەرەکییە.

شـیکردنەوە کارەکییەکانـی پارەکانـی داهاتـوو لەپێنـاو بەدەستخسـتنی وەڵامـی سـەرەکیی لێکۆڵینەوەکەدایـە، کـە ئایـا تـا چ ڕادەو ڕێژەیـەک قسـەپێکەرانی زمانـی کـوردی بەپێـی پەیوەندییـان لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـداو هەڵبژاردنـی زمانییـان، زمانـی کوردییـان بـەرەو سـتاندەردبوون، یـان بـەرەو فرەچەشـنی بـردووە؟ بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە شـیکردنەوە کارەکییەکانـدا، کـە بەپێی بەرنامـەی ئاماریـی (SPSS) ئەنجامـدراوە، بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەنجامـی زانسـتی، دوو تـۆڕی کۆمەڵایەتی وەرگیراون، کە سـەر بە پۆلـی کۆمەڵایەتیـی زانکـۆن، ئەوانیـش خوێندکارانـی قۆناغـی (چـوارەم) لـە هـەردوو بەشـی (کـوردی) و (وەرگێـڕان)ی کۆلێـژی (زمـان)ی زانکـۆی (سـلێمانی)ن، هـەر تـۆڕەش لـە (١٠) خوێنـدکار پێکهاتـوون، هـەر خوێندکارێکیـش (٥) فۆڕمـی ڕاپرسـی بەپێی پلـەی پەیوەندیدارێتیـی نێـو تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـەو بەپێـی تـۆڕی پەیوەندیـی بەشـداربوو هـەروەك (پەیوەندیـی خێزانیـی پلـە یـەک، پەیوەندیـی هاوڕێیەتـی، هاوپیشـە، پەیوەندیـی نێو-زانکۆیی/مامۆسـتا و پەیوەندیـی نێو-زانکۆیـی/ فەرمانبـەر) پڕکردووەتـەوە، هـەر فۆڕمـەش (١٠) پرسـیار سـەبارەت بـە چۆنێتیـی هەڵبژاردنـی بـژاردەی فۆڕمـە زمانییەکـە پەیوەسـت بـە چۆنێتیـی پرسـیارەکەوە لەخۆدەگرێـت، بـۆ دەسـتەبەرکردنی وەڵامێکـی دروسـت، بەرانبـەر پرسـیارەکان خوێنـدکار دەتوانێـت تەنهـا یـەك (١) وەڵام دەسـتنیشـانبکات، یـان ئەگـەر خواسـتی هەڵبژاردنـی بژاردەکانـی نەبـوو، ئـەوا دەتوانێـت لـە بـژاردەی دەربڕاوەکانـی دیکـەدا هـەر وەڵامێـک بنووسـێت، کـە خـۆی بـۆ پرسـیارەکە بەکاریدەهێنێـت. دواتر وەڵامـی پرسـیارەکان لـە فۆڕمەکانـەوە وەرگیراونەتـەوەو بەپێـی بەرنامەکـە لەچەنـد خشـتەیەکدا ئامـارو پەیوەندیـی نێـوان وەڵامـەکان بەپێـی تیـۆری بەشـی یەکـەم و پێداویسـتیی زانسـتیی لێکۆڵینەوەکـە خراونەتـەڕوو، دواتریـش بەپێـی تیۆرییەکـە شـیکراونەتەوە.

## ١/٢) خستنەڕووی زانیاریی ڕێژەیی داتاکان

یەکەم/ ڕاستیی جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسی:

| ژمارەی پرسیارەکان | بەهای جێگیری ( مقایس کرونباخ الفا ) |
|---|---|
| 10 | 0.892 |

خشتەی ژمارە (١) ڕاستیی جێگیری (مقایس کرونباخ الفا)

خشـتەی ژمـارە (١): ڕاسـتیی جێگیـری (مقایـس کرونبـاخ الفـا) بـۆ پێـوەرەکان، دەردەکەوێـت بەشـێوەیەکی گشـتی بەهـای جێگیـری بـۆ هەمـوو پێـوەرەکان بـە ڕێگـەی (مقایـس کرونبـاخ الفـا) دەکاتـە (٠،٨٩٢)، کـە بـە بەهایەکـی زانسـتی، یاخـود بـاش دادەنرێـت و ئامـاژە بـۆ جێگیریـی پێـوەرەکان دەکات.

دووەم/ زانیارییە گشتییەکان:

| پرسیارەکان | | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|---|
| توخم | نێر | 10 | ٠،٥٠ |
| | مێ | 10 | ٠،٥٠ |
| تەمەن | 21 | 5 | 25.0 |
| | 22 | 11 | 55.0 |
| | 23 | 3 | 15.0 |
| | 25 | 1 | 5.0 |
| شوێنی نیشتەجێبوون | دەرەوەی شار | 7 | 35.0 |
| | ناوشار | 13 | 65.0 |
| کۆی گشتی | | 20 | 100 |

خشتەی ژمارە (٢)، زانیارییە گشتییەکان

خشتەی (٢) ڕوونیدەکاتەوە، کەزانیاریی گشتیی لێکۆڵینەوەکە، لە هەر یەک لە (توخم و تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوون) پێکدێت، دەردەکەوێت ڕێژەی توخمی نێر و مێ یەکسانن، بەجۆرێك ڕێژەی توخمی مێ دەکاتە ٥٠٪ و ڕێژەی توخمی نێریش دەکاتە ٥٠٪. لەکاتێکدا بەرزترین ئاستی تەمەن بریتییەلە ٢٢ ساڵ، کە ڕێژەکەی دەکاتە ٥٥٪، هەروەها تەمەنی ٢١ ساڵ دەکاتە ٢٥٪ و نزمترین ئاستی تەمەن بریتییەلە تەمەنی ٢٥ ساڵ دەکاتە ٥٪، هەروەها ٦٥٪ شوێنی نیشتەجێبوونیان بریتییەلە ناوشار.

سێیەم/ دیاریکردنی تۆڕی پەیوەندیی بەشداربووان:

| | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| پەیوەندیی خێزانیی پلە یەك | 20 | 20.0 |
| پەیوەندیی هاوڕێیەتی | 20 | 20.0 |
| هاوپیشە | 20 | 20.0 |
| پەیوەندیی نێو- زانکۆیی/ مامۆستا | 20 | 20.0 |
| پەیوەندیی نێو- زانکۆیی/ فەرمانبەر | 20 | 20.0 |
| کۆی گشتی | 100 | 100.0 |

خشتەی ژمارە (٣)، دیاریکردنی تۆڕی پەیوەندیی بەشداربووان

خشتەی (٣) ڕوونیدەکاتەوە، کەتۆڕی پەیوەندیی نێوان بەشداربووان، لە ( پەیوەندیی خێزانی پلە یەک، پەیوەندیی هاوڕێیەتی، هاوپیشە، پەیوەندیی نێو-زانکۆیی/مامۆستا، پەیوەندیی نێو-زانکۆیی/- فەرمانبەر) پێکدێت، هەریەکەیان بە ڕێژەی ٢٠٪ ی لێکۆڵینەوەکەیە.

چوارەم/ فرەچەشنێتیی فۆڕمە دەربڕاوەکان پەیوەست بەتۆڕی پەیوەندیی بەشداربووانەوە:

| پرسیارەکان | | أ | | ب | | ج | | د | | و | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .Fr | | % | .Fr | % | .Fr | % | .Fr | % | .Fr | % | .Fr | % | |
| ئەگەر ( ) سڵاوی لێکردیت | سوپاس | 2 | ٢,٠ | 4 | ٤,٠ | 13 | ١٣,٠ | 10 | ١٠,٠ | 16 | ١٦,٠ | 45 | 45.0 |
| | لەخوا بەزیابێ باشم | 15 | ١٥,٠ | 5 | ٥,٠ | 4 | ٤,٠ | 6 | ٦,٠ | 3 | ٣,٠ | 33 | 33.0 |
| | هەروا دەبێت | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | 0.0 |
| | فاین | 0 | ٠,٠ | 2 | ٢,٠ | 1 | ١,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 3 | 3.0 |
| | دەربڕاوی تر | 3 | ٣,٠ | 9 | ٩,٠ | 2 | ٢,٠ | 4 | ٤,٠ | 1 | ١,٠ | 19 | 19.0 |
| ئەگەر ( ) هەواڵی (تەواوکردنی کارێک)ی لێپرسیت | بەردەوامم | 5 | 5.0 | 1 | 1.0 | 4 | 4.0 | 7 | 7.0 | 11 | 11.0 | 28 | 28.0 |
| | باشدەڕوات | 1 | 1.0 | 3 | 3.0 | 9 | 9.0 | 9 | 9.0 | 8 | 8.0 | 30 | 30.0 |
| | وا تەقەی لێهەڵئەسێنم | 3 | 3.0 | 7 | 7.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 10 | 10.0 |
| | لەگەڵی ئەڕۆم | 9 | 9.0 | 8 | 8.0 | 6 | 6.0 | 3 | 3.0 | 1 | 1.0 | 27 | 27.0 |
| | دەربڕاوێکی تر | 2 | 2.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 5 | 5.0 |
| ئەگەر ( ) داوای لێکردیت کتێبێکی بۆ بهێنیت | بەسەرچاو | 12 | 12.0 | 8 | 8.0 | 6 | 6.0 | 9 | 9.0 | 10 | 10.0 | 45 | 45.0 |
| | لەخزمەتدام | 2 | 2.0 | 8 | 8.0 | 11 | 11.0 | 9 | 9.0 | 8 | 8.0 | 38 | 38.0 |
| | باش | 5 | 5.0 | 4 | 4.0 | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | 2 | 2.0 | 16 | 16.0 |
| | ئۆف کۆرس شوە | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | 0.0 |
| | دەربڕاوێکی تر | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەر سوپاسگوزاری ( ) بیت | سوپاستدەکەم | 7 | 7.0 | 6 | 6.0 | 14 | 14.0 | 17 | 17.0 | 19 | 19.0 | 63 | 63.0 |
| | سانکیو | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 |
| | ئەزیزیت | 3 | 3.0 | 5 | 5.0 | 5 | 5.0 | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 15 | 15.0 |
| | چاومانی | 5 | 5.0 | 6 | 6.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 12 | 12.0 |
| | دەربڕاوێکی تر | 5 | 5.0 | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 9 | 9.0 |
| ئەگەر هاوخەمیی بۆ ( ) دەرببڕیت | هاوبەشی خەمتانین | 6 | 6.0 | 5 | 5.0 | 12 | 12.0 | 16 | 16.0 | 13 | 13.0 | 52 | 52.0 |
| | پێمناخۆشبوو | 3 | 3.0 | 8 | 8.0 | 7 | 7.0 | 1 | 1.0 | 6 | 6.0 | 25 | 25.0 |
| | ئای فیڵ سۆری | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | 0.0 |
| | ، گوێشی مەیەرێ | 5 | 5.0 | 6 | 6.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 13 | 13.0 |
| | دەربڕاوێکی تر | 6 | 6.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 3 | 3.0 | 0 | 0.0 | 10 | 10.0 |
| ئەگەر پیرۆزبایی لە ( ) بکەیت | پیرۆزە | 9 | 9.0 | 3 | 3.0 | 13 | 13.0 | 16 | 16.0 | 17 | 17.0 | 58 | 58.0 |
| | بەدڵیخۆش | 1 | 1.0 | 6 | 6.0 | 6 | 6.0 | 2 | 2.0 | 3 | 3.0 | 18 | 18.0 |
| | ئەک بەخۆشی | 9 | 9.0 | 11 | 11.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 21 | 21.0 |
| | کۆنگراجولەیت | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | 0.0 |
| | دەربڕاوی تر | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 3 | 3.0 |
| ئەگەر بە ( ) دا هەڵبدەیت | ئیش هەر لەخۆو جوانە | 13 | 13.0 | 15 | 15.0 | 6 | 6.0 | 2 | 2.0 | 6 | 6.0 | 42 | 42.0 |
| | هەر بمێنیت | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | 7 | 7.0 | 11 | 11.0 | 8 | 8.0 | 31 | 31.0 |
| | ڤێری/ سۆنایس | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 3 | 3.0 |
| | نایس جۆب | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 4 | 4.0 |
| | دەربڕاوێکی تر | 4 | 4.0 | 2 | 2.0 | 5 | 5.0 | 5 | 5.0 | 4 | 4.0 | 20 | 20.0 |
| ئەگەر ستایشی کارەکانی ( ) بکەیت | دەستخۆش | 12 | 12.0 | 3 | 3.0 | 11 | 11.0 | 17 | 17.0 | 14 | 14.0 | 57 | 57.0 |
| | تەمەندرێژبیت | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | 7 | 7.0 | 1 | 1.0 | 5 | 5.0 | 18 | 18.0 |
| | یەک پارچە دڵیت | 2 | 2.0 | 12 | 12.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 15 | 15.0 |
| | سانکس ئەهیپ | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 2 | 2.0 |
| | دەربڕاوی تر | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 2 | 2.0 | 1 | 1.0 | 8 | 8.0 |
| ئەگەر گلەیی لە ( ) بکەیت | پێمناخۆشبوو | 8 | 8.0 | 3 | 3.0 | 7 | 7.0 | 14 | 14.0 | 16 | 16.0 | 48 | 48.0 |
| | زۆر عەیبە بۆو | 2 | 2.0 | 11 | 11.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 14 | 14.0 |
| | گلەیی بێت | 8 | 8.0 | 6 | 6.0 | 11 | 11.0 | 5 | 5.0 | 4 | 4.0 | 34 | 34.0 |
| | شەیم ئۆن یو | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 |
| | دەربڕاوی تر | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 3 | 3.0 |
| ئەگەر ( ) خوداحافیزی لێکردیت | کاتێکی خۆش | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 10 | 10.0 | 14 | 14.0 | 5 | 5.0 | 29 | 29.0 |
| | دەتبینمەوە | 0 | 0.0 | 11 | 11.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 12 | 12.0 |
| | خوات لەگەڵ | 16 | 16.0 | 6 | 6.0 | 8 | 8.0 | 6 | 6.0 | 14 | 14.0 | 50 | 50.0 |
| | بای | 2 | 2.0 | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 7 | 7.0 |
| | دەربڕاوی تر | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 2 | 2.0 |
| کۆی گشتی | | 20 | 20.0 | 20 | 20.0 | 20 | 20.0 | 20 | 20.0 | 20 | 20.0 | 100 | 100 |

تێبینی // ا: پەیوەندیی خێزانیی پلە یەک ، ب: پەیوەندیی هاوڕێیەتی، ج: هاوپیشە، د: پەیوەندیی نێو- زانکۆیی/ مامۆستا،

پەیوەندیی نێو-زانکۆیی/ فەرمانبەر، دووبارەبوونەوە

خشتەی (٤)، فرەچەشنێتیی فۆڕمە دەربڕاوەکان و خشتەی ژمارە و دیاریکردنی تۆڕی پەیوەندیی بەشداربووان

لە خشتەی (٤) دا، بژاردەکان بەپێی بنەمای فۆڕمی ستانداردو ناوچەیی و فۆڕمی بێگانە دانراون، بەشداربووان وەك لە خشتەی (٣،٢،١)دا خراونەتەڕوو، خوێندکاری زانکۆن و تەمەنیان لەنێوان (٢١-٢٥)دایە، ئەمەش تەمەنێکی پێگەیشتووەو بەشداربوو دەتوانێت بەپێی ژیری و باوەڕبوونی بە چۆنێتیی بەکارهێنانی فۆڕمە زمانییەکان، بڕیار

لەسەر هەڵبژارنی بژاردەکان بدات، هاوکات هەڵبژاردنی دوو بەشی زانستیی جیاوازی وەك کوردی و وەرگێڕان، بە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز ڕاڤەدەکەین، بەجۆرێك هەریەك لەو دوو پسپۆرییە بەهۆی زانیاری و کۆزانینە زمانییەکانی هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی، هەم کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکان دروستدەکات، هەمیشە کاریگەری لەسەر نەخشەی بیری ئاخێوەران دەبێت، ئەمەش وەهادەکات کۆزانینی هەریەك لەو دوو زمانە، تۆڕی پەیوەندییەکان توند، یاخود بەپێچەوانەوە لاوازدەکات.

بەپێی ئەو ئەنجامەی لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو، سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، ئەگەر کەسێك سڵاوێ لێکردیت، زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان بە ٤٥٪ بە فۆڕمی ستانداردی (سوپاس) وەڵامیانداوەتەوە، لەکاتێکدا کەمترین ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی فۆڕمی بێگانە (فاین) بە ڕێژەی ٣٪ تۆمارکراوە، لەو نێوەندەشدا فۆڕمی ناوچەیی بە ڕێژەی مامناوەند وەڵامیان تۆمارکراوە.

سەبارەت بە پرسیاری دووەم، ئەگەر (  ) هەواڵی تەواوکردنی کارێکی لێپرسیت، بژاردەکان لەسەر ئاستی بەکارهێنانی فۆڕمەکانی ڕۆژانەو فۆڕمی ستاندارد دانراون، زۆرینەی بەشداربووان، کە بە نزیکەیی لە ٣٠٪ دەکات، بە بژاردەی (باشدەڕوات) وەڵامیان تۆمارکردووە، بە لە ٢٪ کەمتر لەو ڕێژەیە، کە لە ٢٨٪ ی ڕێژەی بەشداربووانە بە هەڵبژاردنی بژاردەی (بەردەوامم) وەڵامیانداوەتەوە، هەردوو فۆڕمەکەش فۆڕمێکی ستانداردی ڕۆژانەن، بە لە ١٪ کەمتر لەو ڕێژەیەش، کە لە ٢٧٪ ی ڕێژەی وەڵامدانەوەکانە، دەربڕاوی (لەگەڵی دەڕۆم) هەڵبژێراوە، کە ئەمەش فۆڕمێکی ناستانداردی ڕۆژانەیە، کەمترین ڕێژەی بەشداربووانیش، ١٠٪ ئاماژەیان بە بژاردەی (وا تەقەی لێ هەڵئەسێنم) داوە، کە فۆڕمێکی بازاڕیی بەکارهێنانی ڕۆژانەیە.

سەبارەت بە پرسیاری سێیەم، ئەگەر (  ) داوای لێکردیت کتێبێکی بۆ بهێنیت ،٤٥٪، کە زۆرینەی ڕێژەی بەشداربووانە، بە هەڵبژاردنی فۆڕمی (بەسەرچاو) وەڵامیان تۆمارکردووە، بە ڕێژەیەکیش لەو وەڵامە کەمتر، کە لە ٣٨٪ ی وەڵامدەرەوەکانە، بە هەڵبژاردنی دەربڕاوی (لە خزمەتتدام)، وەڵامیانداوەتەوە، کە دوو فۆڕمی ستانداردی بەکارهێنانی ڕۆژانەی زمانی کوردییە، کەمترین ڕێژەی بەشداربووان، کە ١٦٪یە، بە فۆڕمی (باش) وەڵامیان تۆمارکردووە، کە فۆڕمێکی ناستانداردی ڕۆژانەیە، جێگەی تێبینییە، کە هیچ یەکێك لە بەشداربووان، وەڵامی فۆڕمی بێگانەی (ئۆف کۆرس شوە)یان هەڵنەبژاردووە، بۆیە ڕێژەکە ٠٪ دەرچووە.

سەبارەت بە پرسیاری چوارەم ئەگەر سوپاسگوزاری (  ) بیت، زۆرینەی ڕێژەی بەشداربووان، کە لە ٦٣٪ یە، بە هەڵبژاردنی فۆڕمی ستانداردی (سوپاستدەکەم) وەڵامیان تۆمارکردووە، کەمترین ڕێژەی بەشداربووانیش، کە لە ١٪ بە هەڵبژاردنی فۆڕمی بێگانەی (سانکیو) وەڵامیانداوەتەوە، ڕێژەی کەمتر لە مامناوەندیش، کە بە نزیکەیی ١٢٪ی بەشداربووانە، بە ئاماژەکردن بە فۆڕمی (چاومانی)، کە فۆڕمێکی ناستانداردی ئاسایی ڕۆژانەیە، وەڵامیانداوەتەوە.

سەبارەت بە پرسیاری پێنجەم، ئەگەر هاوخەمی بۆ(  ) دەرببڕیت، زۆرینەی بەشداربووان بە ڕێژەی ٥٢٪ بە فۆڕمی ستانداری (هاوبەشی خەمتانین) وەڵامیانداوەتەوە، کەمترین ڕێژەی وەڵامدەرەوەکانیش، کە بە ڕێژەی لە ١٣٪ یە، بە فۆڕمی بازاڕیی (هەر گوێشی مەیەرێ) ئاماژەیان بۆ بژاردەکە کردووە، جێگەی تێبینییە هیچ کام لە بەشداربووان ئاماژەیان بە فۆڕمی بێگانەی (ئای فیل سۆری) نەکردووە.

سەبارەت بە پرسیاری شەشەم، ئەگەر پیرۆزبایی لە (  ) بکەیت، زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان، کە لە ٥٨٪ ن، بە هەڵبژاردنی فۆڕمی بەکارهێنانی ڕۆژانەی (پیرۆزە) وەڵامیان تۆمارکردووەو بە ڕێژەی ٢١٪ و ١٨٪ ئاماژەیان

بـە هـەردوو فۆرمـی بەکارهێنانـی ڕۆژانـەی ناسـتانداردو ناوچەیـی (بەدڵیخـۆش) و (عـەك بەخۆشـی) ئاماژەیـان بـە وەڵامەکـە کـردووە، جێگـەی سـەرنجە، کـە هیـچ یەکێـك لـە بەشـداربووان بـە فۆرمـی بێگانـەی (   ) وەڵامیـان تۆمارنەکـردووە.

سـەبارەت بـە پرسـیاری حەوتـەم، ئەگـەر بـە (   ) دا هەڵبدەیـت، زۆرتریـن ڕێـژەی بەشـداربووان، کـە بـە نزیکەیـی لـە ٧٨٪ ی بەشـداربووانە، ئاماژەیـان بـە فۆرمـە ناسـتانداردەکانی زمانـی کـوردی کـردووە، کـە هـەر یـەك لـە فۆرمەکانـی (ئیـش هـەر لـە خـۆو جوانـە)، (هـەر بمێنـی) کـردووە، بـە ڕێژەیەکـی کەمتر لـە مامناوەند، کـە لـە ٢٠٪ ی بەشداربووانە، پشـتیان بـە دەربـڕاوی دیکـەی زمانـی کـوردی بەسـتووە، کەمتریـن ڕێـژەی بەشـداربووانیش بـە فۆرمـی بێگانـەی (ڤێری/ سـۆ نایـس)، (نایـس جـۆب) وەڵامیانداوەتـەوە، کـە لـە ٧٪ ی بەشـداربووانە.

سـەبارەت بـە پرسـیاری هەشـتەم، ئەگـەر ستایشـی کارەکانـی ( ) بکەیـت، زۆرتریـن ڕێـژەی بەشـداربووان، کـە بـە نزیکەیـی ٧٥٪ دەکات، بـە هـەردوو فۆرمـی سـتانداردی (دەسـتخۆش)، (تەمەندرێژبیـت) وەڵامیـان تۆمارکـردووە، بـە ڕێـژەی لـە ١٥٪  بـە فۆرمـی بـازاڕی/ ناوچەیـی (یـەك پارچـە دڵیـت)، وەڵامیانداوەتـەوە، بـە کەمتریـن ڕێـژە ئاماژەیـان بـە بـژاردەی (سـانکس ئەهیـپ)  داوە، کـە ٢٪ ی ڕێژەکەیـە. بـە ڕێژەیەکـی مامناوەندیـش بەشـداربووان بـە دانانـی فۆرمـە کوردییەکانـی دیکـە وەڵامیانداوەتـەوە، کـە ٢٠٪ ی ڕێژەکەیـە.

سـەبارەت بـە پرسـیاری نۆیـەم، ئەگـەر گلەیـی لـە ( ) بکەیـت، زۆرتریـن ڕێـژەی بەشـداربووان بـە ڕێـژەی ٤٨٪ بـە فۆرمـی سـتانداردی (پێمناخۆشـبوو ..)، هەروەهـا بـە ڕێـژەی ٣٤٪ بـە هەڵبژاردنـی فۆرمـی (گلەیـی بێـت)، کـە فۆرمێکـی ناسـتانداردە، وەڵامیانداوەتـەوە، بـە ڕێـژەی لـە ١٤٪ بـە ئاماژەکـردن بـۆ فۆرمـی بـازاڕی/ ناوچەیـی (زۆر عەیبـە بـۆو) وەڵامیـان تۆمارکـردووە، کەمتریـن ڕێـژەی بەشـداربووانیش بـە هەڵبژاردنـی دەربـڕاوی بێگانـەی (شـەیم ئـۆن یـو)، کـە لـە ١٪ ی ڕێژەکەیـە، ئاماژەیـان بـۆ وەڵامەکـە کـردووە.

سـەبارەت بـە پرسـیاری دەیـەم و کۆتایـی، ئەگـەر ( ) خوداحافیـزی  لێبـکات، ڕێـژەی لـە ٥٠٪، کـە زۆرتریـن ڕێـژەی بەشـداربووانە، بەفۆرمـی نەریتیـی (خـوات لەگـەڵ) وەڵامیانداوەتـەوە، کەمتریـن ڕێـژەش بـە فۆرمی نوێـی (دەتبینمەوە) ئاماژەیـان بـۆ بژاردەکـە کـردووە، کەمتریـن ڕێـژەی بەشـداربووانیش، بـە فۆرمـی بێگانـەی (بـای) وەڵامیـان تۆمارکـردووە، کـە دەکاتـە ٧٪ی بەشـداربووان.

پێنجەم/ بەڵگەدارێتیی پەیوەندیی نێوان فرەچەشنێتیی فۆڕمە دەربڕاوەکان و تۆڕی پەیوەندیی بەشداربووان:

| پرسیارەکان | .Fr | أ % | أ .Fr | ب % | ب .Fr | ج % | ج .Fr | د % | د .Fr | و % | و .Fr | کۆی گشتی % | کۆی گشتی ئاستی بەڵگەداری | تاقیکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەر ( ) سڵاوی لێکردیت | سوپاس | 2 | ٢,٠ | 4 | ٤,٠ | 13 | ١٣,٠ | 10 | ١٠,٠ | 16 | ١٦,٠ | 45 | 45.0 | 45.2221 |
| | لەخوا بەزیابێ باشم | 15 | ١٥,٠ | 5 | ٥,٠ | 4 | ٤,٠ | 6 | ٦,٠ | 3 | ٣,٠ | 33 | 33.0 | P=0.000 |
| | هەروادەبێت | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | 0.0 | |
| | فاین | 0 | ٠,٠ | 2 | ٢,٠ | 1 | ١,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 3 | 3.0 | |
| | دەربڕاوی تر | 3 | ٣,٠ | 9 | ٩,٠ | 2 | ٢,٠ | 4 | ٤,٠ | 1 | ١,٠ | 19 | 19.0 | |

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەر ( ) هەواڵی (تەواوکردنی کارێک)ی لێپرسیت | بەردەوامم | 5 | 5.0 | 1 | 1.0 | 4 | 4.0 | 7 | 7.0 | 11 | 11.0 | 28 | 28.0 | 48,561 P=0.000 |
| | باشدەڕوات | 1 | 1.0 | 3 | 3.0 | 9 | 9.0 | 9 | 9.0 | 8 | 8.0 | 30 | 30.0 | |
| | وا تەقەی لێهەڵئەسێنم | 3 | 3.0 | 7 | 7.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 10 | 10.0 | |
| | لەگەڵی ئەڕۆم | 9 | 9.0 | 8 | 8.0 | 6 | 6.0 | 3 | 3.0 | 1 | 1.0 | 27 | 27.0 | |
| | دەربڕاوێکی تر | 2 | 2.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 5 | 5.0 | |
| ئەگەر ( ) داوای لێکردیت کتێبێکی بۆ بهێنیت | بەسەرچاو | 12 | 12.0 | 8 | 8.0 | 6 | 6.0 | 9 | 9.0 | 10 | 10.0 | 45 | 45.0 | 14.291 P=0.282 |
| | لەخزمەتدام | 2 | 2.0 | 8 | 8.0 | 11 | 11.0 | 9 | 9.0 | 8 | 8.0 | 38 | 38.0 | |
| | باش | 5 | 5.0 | 4 | 4.0 | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | 2 | 2.0 | 16 | 16.0 | |
| | ئۆف کۆرس شوە | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | 0.0 | |
| | دەربڕاوێکی تر | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | |
| ئەگەر سوپاسگوزاریی ( ) بیت | سوپاستدەکەم | 7 | 7.0 | 6 | 6.0 | 14 | 14.0 | 17 | 17.0 | 19 | 19.0 | 63 | 63.0 | 42.944 P=0.000 |
| | سانکیو | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | |
| | ئەزیزیت | 3 | 3.0 | 5 | 5.0 | 5 | 5.0 | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 15 | 15.0 | |
| | چاومانی | 5 | 5.0 | 6 | 6.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 12 | 12.0 | |
| | دەربڕاوێکی تر | 5 | 5.0 | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 9 | 9.0 | |
| ئەگەر هاوخەمیی بۆ ( ) دەرببڕیت | هاوبەشی خەمتانین | 6 | 6.0 | 5 | 5.0 | 12 | 12.0 | 16 | 16.0 | 13 | 13.0 | 52 | 52.0 | 36.608 P=0.000 |
| | پێمناخۆشبوو | 3 | 3.0 | 8 | 8.0 | 7 | 7.0 | 1 | 1.0 | 6 | 6.0 | 25 | 25.0 | |
| | ئای فیڵ سۆری | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | 0.0 | |
| | ، گوێشی مەیەرێ | 5 | 5.0 | 6 | 6.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 13 | 13.0 | |
| | دەربڕاوێکی تر | 6 | 6.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 3 | 3.0 | 0 | 0.0 | 10 | 10.0 | |
| ئەگەر پیرۆزبایی لە ( ) بکەیت | پیرۆزە | 9 | 9.0 | 3 | 3.0 | 13 | 13.0 | 16 | 16.0 | 17 | 17.0 | 58 | 58.0 | 49.866 P=0.000 |
| | بەدڵیخۆش | 1 | 1.0 | 6 | 6.0 | 6 | 6.0 | 2 | 2.0 | 3 | 3.0 | 18 | 18.0 | |
| | ئەک بەخۆشی | 9 | 9.0 | 11 | 11.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 21 | 21.0 | |
| | کۆنگراجولەیت | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | ٠,٠ | 0 | 0.0 | |
| | دەربڕاوی تر | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 3 | 3.0 | |
| ئەگەر بە ( ) دا هەڵبدەیت | ئیش هەر لەخۆو جوانە | 13 | 13.0 | 15 | 15.0 | 6 | 6.0 | 2 | 2.0 | 6 | 6.0 | 42 | 42.0 | 27.291 P=0.03 |
| | هەرمێنیت | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | 7 | 7.0 | 11 | 11.0 | 8 | 8.0 | 31 | 31.0 | |
| | ڤێری/ سۆنایس | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 3 | 3.0 | |
| | نایس جۆب | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 4 | 4.0 | |
| | دەربڕاوێکی تر | 4 | 4.0 | 2 | 2.0 | 5 | 5.0 | 5 | 5.0 | 4 | 4.0 | 20 | 20.0 | |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەر ستایشی کارەکانی ( ) بکەیت | دەستخۆش | 12 | 12.0 | 3 | 3.0 | 11 | 11.0 | 17 | 17.0 | 14 | 14.0 | 57 | 57.0 | |
| | تەمەندرێژبیت | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | 7 | 7.0 | 1 | 1.0 | 5 | 5.0 | 18 | 18.0 | 56.94 |
| | یەک پارچە دڵیت | 2 | 2.0 | 12 | 12.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 15 | 15.0 | P=0.000 |
| | سانکس ئەهیپ | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 2 | 2.0 | |
| | دەربڕاوی تر | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 2 | 2.0 | 1 | 1.0 | 8 | 8.0 | |
| ئەگەر گلەیی لە ( ) بکەیت | پێمناخۆشبوو | 8 | 8.0 | 3 | 3.0 | 7 | 7.0 | 14 | 14.0 | 16 | 16.0 | 48 | 48.0 | |
| | زۆر عەیبە بۆو | 2 | 2.0 | 11 | 11.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 14 | 14.0 | 56.654 |
| | گلەیی بێت | 8 | 8.0 | 6 | 6.0 | 11 | 11.0 | 5 | 5.0 | 4 | 4.0 | 34 | 34.0 | |
| | شەیم ئۆن یو | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | P=0.000 |
| | دەربڕاوی تر | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 3 | 3.0 | |
| ئەگەر ( ) خوداحافیزی لێکردیت | کاتێکی خۆش | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 10 | 10.0 | 14 | 14.0 | 5 | 5.0 | 29 | 29.0 | 87.121 |
| | دەتبینمەوە | 0 | 0.0 | 11 | 11.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 12 | 12.0 | P=0.000 |
| | خوات لەگەڵ | 16 | 16.0 | 6 | 6.0 | 8 | 8.0 | 6 | 6.0 | 14 | 14.0 | 50 | 50.0 | |
| | بای | 2 | 2.0 | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 7 | 7.0 | |
| | دەربڕاوی تر | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 2 | 2.0 | |
| کۆی گشتی | | 20 | 20.0 | 20 | 20.0 | 20 | 20.0 | 20 | 20.0 | 20 | 20.0 | 100 | 100 | |
| تێبینی // ا: پەیوەندیی خێزانیی پلە یەک ، ب: پەیوەندیی هاوڕێیەتی، ج: هاوپیشە، د: پەیوەندیی نێو- زانکۆیی/ مامۆستا ، پەیوەندیی نێو- زانکۆیی/ فەرمانبەر، : دووبارە بوونەوە | | | | | | | | | | | | | | |

خشتەی (٥) بەڵگەداریی پەیوەندیی نێوان فرەچەشنێتیی فۆڕمە دەربڕاوەکان و تۆڕی پەیوەندیی بەشداربووان

خشتەی (٥)، پەیوەندیی نێوان تۆڕی پەیوەندیی بەشداربوو و لەگەڵ فرەچەشنیی فۆڕمە دەربڕاوەکان ڕووندەکاتەوە، کە خۆی لە (١٠) پرسیاردا دەبینێتەوە، لە کاتێکدا تۆڕی پەیوەندیی نێوان بەشداربووان، کە پێکدێت لە (پەیوەندیی خێزانیی پلە یەک، پەیوەندیی هاوڕێیەتی، هاوپیشە، پەیوەندیی نێو-زانکۆیی/ مامۆستا، پەیوەندیی نێو- زانکۆیی/فەرمانبەر) هەریەکەیان بە ڕێژەی ٢٠٪ ی لێکۆڵینەوەکەیە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Chi-Square Test) دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداری لەنێوان تۆڕی پەیوەندیی بەشداربووان لەگەڵ فرەچەشنیی فۆڕمە دەربڕاوەکاندا لە (٩) پرسیاریاندا هەیە، لەبەرئەوەی ئاستی بەڵگەداری (p-value) لە (٠،٠٥)بچوکترە، بەڵام پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداری لەنێوان تۆڕی پەیوەندیی بەشداربووان لەگەڵ پرسیاری (ئەگەر داوای لێکردیت کتێبێکی بۆ بهێنێت) نییە، لەبەرئەوەی ئاستی بەڵگەداریی (p-value) لە (٠،٠٥)گەورەترە.

شەشەم/ بەستەری بەهێز و لاواز پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان فرەچەشنێتیی فۆڕمە دەربڕاوەکانەوە:

| ثرسيارةكان | .Fr | بەستەری بەهیز % | بەستەری بەهیز .Fr | بەستەری لاواز % | بەستەری لاواز .Fr | کۆی گشتی % | کۆی گشتی ئاستی بەڵگەداری | تاقیکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەر ( ) سڵاوی لێکردیت | سوپاس | 6 | 6.0 | 39 | 39.0 | 45 | 45.0 | 24.306 |
| | لەخوا بەزیابێ باشم | 20 | 20.0 | 13 | 13.0 | 33 | 33.0 | P=0.000 |
| | هەروا دەبێت | 2 | 2.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | |
| | فاین | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 3 | 3.0 | |
| | | 12 | 12.0 | 7 | 7.0 | | 19.0 | |
| | دەربڕاوی تر | | | | | 19 | | |
| ئەگەر ( ) هەواڵی (تەواوکردنی کارێک ی لێپرسیت | بەردەوامم | 6 | 6.0 | 22 | 22.0 | 28 | 28.0 | |
| | باشدەڕوات | 4 | 4.0 | 26 | 26.0 | 30 | 30.0 | 34.678 |
| | وا تەقەی لێهەڵئەسێنم | 10 | 10.0 | 0 | 0.0 | 10 | 10.0 | |
| | لەگەڵی ئەڕۆم | 17 | 17.0 | 10 | 10.0 | 27 | 27.0 | P=0.000 |
| | | 3 | 3.0 | 2 | 2.0 | | 5.0 | |
| | دەربڕاوێکی تر | | | | | 5 | | |
| ئەگەر ( ) داوای لێکردیت کتێبێکی بۆ بهێنیت | بەسەرچاو | 20 | 20.0 | 25 | 25.0 | 45 | 45.0 | |
| | لەخزمەتدام | 10 | 10.0 | 28 | 28.0 | 38 | 38.0 | 6.596 |
| | باش | 9 | 9.0 | 7 | 7.0 | 16 | 16.0 | |
| | ئۆف کۆرس شوە | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | P=0.086 |
| | | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | | 1.0 | |
| | دەربڕاوێکی تر | | | | | 1 | | |
| ئەگەر سوپاسگوزاری ( ) بیت | سوپاستدەکەم | 13 | 13.0 | 50 | 50.0 | 63 | 63.0 | |
| | سانکیو | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | |
| | ئەزیزیت | 8 | 8.0 | 7 | 7.0 | 15 | 15.0 | |
| | چاومانی | 11 | 11.0 | 1 | 1.0 | 12 | 12.0 | 31.154 |
| | | 7 | 7.0 | 2 | 2.0 | | 9.0 | P=0.000 |
| | دەربڕاوێکی تر | | | | | 9 | | |
| ئەگەر هاوخەمیی بۆ ( ) دەربڕیت | هاوبەشی خەمتانین | 11 | 11.0 | 41 | 41.0 | 52 | 52.0 | |
| | پێمناخۆشبوو | 11 | 11.0 | 14 | 14.0 | 25 | 25.0 | 23.394 |
| | ئای فیڵ سۆری | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | |
| | گوێشی مەیەرێ | 11 | 11.0 | 2 | 2.0 | 13 | 13.0 | P=0.000 |
| | | 7 | 7.0 | 3 | 3.0 | | 10.0 | |
| | دەربڕاوێکی تر | | | | | 10 | | |
| ئەگەر پیرۆزبایی لە ( ) بکەیت | پیرۆزە | 12 | 12.0 | 46 | 46.0 | 58 | 58.0 | 35.775 |
| | بەدڵیخۆش | 7 | 7.0 | 11 | 11.0 | 18 | 18.0 | P=0.000 |
| | ئەک بەخۆشی | 20 | 20.0 | 1 | 1.0 | 21 | 21.0 | |
| | کۆنگراجولەیت | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | |
| | | 1 | 1.0 | 2 | 2.0 | | 3.0 | |
| | دەربڕاوی تر | | | | | 3 | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئیش هەرلەخۆو جوانە | 28 | 28.0 | 14 | 14.0 | 42 | 42.0 | |
| | هەر بمێنیت | 5 | 5.0 | 26 | 26.0 | 31 | 31.0 | 23.013 |
| ئەگەر بە ( ) دا هەڵبدەیت | ڤێری/ سۆنایس | 0 | 0.0 | 3 | 3.0 | 3 | 3.0 | |
| | نایس جۆب | 1 | 1.0 | 3 | 3.0 | 4 | 4.0 | P=0.03 |
| | | 6 | 6.0 | 14 | 14.0 | | 20.0 | |
| | دەربڕاوێکی تر | | | | | 20 | | |
| | دەستخۆش | 15 | 15.0 | 42 | 42.0 | 57 | 57.0 | |
| | تەمەندرێژبیت | 5 | 5.0 | 13 | 13.0 | 18 | 18.0 | 25.116 |
| | یەک پارچە دڵیت | 14 | 14.0 | 1 | 1.0 | 15 | 15.0 | |
| ئەگەر ستایشی کارەکانی ( ) بکەیت | سانکس ئەهیپ | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | 2 | 2.0 | P=0.000 |
| | | 5 | 5.0 | 3 | 3.0 | | 8.0 | |
| | دەربڕاوی تر | | | | | 8 | | |
| | پێمناخۆشبوو | 11 | 11.0 | 37 | 37.0 | 48 | 48.0 | |
| | زۆر عەیبە بۆو | 13 | 13.0 | 1 | 1.0 | 14 | 14.0 | 23.71 |
| | گلەیی بێت | 14 | 14.0 | 20 | 20.0 | 34 | 34.0 | |
| ئەگەر گلەیی لە ( ) بکەیت | شەیم ئۆن یو | 0 | 0.0 | 1 | 1.0 | 1 | 1.0 | P=0.000 |
| | | 2 | 2.0 | 1 | 1.0 | | 3.0 | |
| | دەربڕاوی تر | | | | | 3 | | |
| | کاتێکی خۆش | 0 | 0.0 | 29 | 29.0 | 29 | 29.0 | 38.895 |
| | دەتبینمەوە | 11 | 11.0 | 1 | 1.0 | 12 | 12.0 | P=0.000 |
| ئەگەر ( ) خوداحافیزی لێکردیت | خوات لەگەڵ | 22 | 22.0 | 28 | 28.0 | 50 | 50.0 | |
| | بای | 5 | 5.0 | 2 | 2.0 | 7 | 7.0 | |
| | دەربڕاوی تر | 2 | 2.0 | 0 | 0.0 | 2 | 2.0 | |
| کۆی گشتی | | 40 | 40.0 | 60 | 60.0 | 100 | 100 | |

خشتەی (٦)، بەستەری بەهێز و لاواز پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان فرەچەشنێتیی فۆڕمە دەربڕاوەکانەوە.

ئەم خشتەیە ڕوونیدەکاتەوە، پەیوەندیی نێوان (بەستەری بەهێز و بەستەری لاواز) لەگەڵ فرەچەشنیی فۆڕمە دەربڕاوەکان، کە خۆی لە (١٠) پرسیاردا دەبینێتەوە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Chi-Square Test)، دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداری لە نێوان (بەستەری بەهێز و بەستەری لاواز) لەگەڵ فرەچەشنیی فۆڕمە دەربڕاوەکاندا هەیە، کە خۆی لە (٩) پرسیاردا دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی ئاستی بەڵگەداریی (p-value) کەمترە لە (٠،٠٥)، بەڵام دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداری لە نێوان (بەستەری بەهێز و بەستەری لاواز) لەگەڵ پرسیاری (ئەگەر داوای لێکردیت کتێبی بۆ بهێنیت)دا نییە، لەبەرئەوەی ئاستی بەڵگەداریی (p-value) لە (٠،٠٥) گەورەترە.

٢/٢) شیکردنەوەی داتا وەگیراوەکان پەیوەست بە بەستەرەکانەوە:

بە مەبەستی بەرجەستەکردنی تۆڕی بەهێزو لاوازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەنێو

هـەردوو پۆلـی زانکۆیـی خوێندکارانـی بەشـی کـوردی و وەرگێـڕان، بـۆ هـەر خوێندکارێـك درەختێکـی (٥) لقـی پێکهێـنراوە، بەجۆرێـك هەریـەك لـە پلـە یەکـی خێـزان و هاوڕێیەتـی بـە بەسـتەری بەهێـز و هاوپیشـەو پەیوەندیـی زانکۆیـی- مامۆسـتا و پەیوەندیـی زانکۆیـی فەرمانبـەر بـە بەسـتەری لاواز وێناکـراوە، چییەتیـی لێکۆڵینەوەکـەش لـە پەیوەندیداریێتیـی هەڵبژاردنـی فۆڕمـە زمانییـەکان و دەرخسـتنی جـۆری بەسـتەرەکەدایە، بەجۆرێـك گریمانـەی ئـەوە دەکرێـت، کـە چۆنێتیـی وەڵامدانـەوەی بەشـداربووان بـۆ فۆڕمـە زمانییـەکان، جـۆری بەسـتەرەکان بەپێـی کۆمەڵـگای کـوردی بگۆڕێـت.

لـە پرسـیاری یەکەمـدا، زۆرتریـن ڕێـژەی بەشـداربووانی تـۆڕی بەسـتەری لاواز بـە فۆڕمـی سـتانداردی (سـوپاس) وەڵامیانداوەتـەوە، کـە ڕێژەکـەی ٣٩٪ یـەو لـە بەرانبـەردا کەمتریـن بەشـداربووی تـۆڕی بەسـتەری بەهێـز بـە ڕێـژەی ٦٪ بـە هەمـان فـۆڕم وەڵامیـان تۆمارکـردووە.

هەروەهـا لـە ٢٠٪ ی تـۆڕی بەسـتەری بەهێـز ئاماژەیـان بـۆ فۆڕمـی ڕۆژانـەی سـتانداردی (لـە خزمەتـدام) کـردووە، بـەڵام تەنهـا لـە ١٣٪ ی بەشـداربووانی سـەر بـە تـۆڕی بەسـتەری لاواز بـە هەمـان فـۆڕم ئاماژەیـان بـۆ کـردووە. لەکاتێکـدا بـە ڕێژەیەکـی زۆر کـەم لەنێـوان لـە ١٪-٢٪ هەریـەك لـە تـۆڕی بەسـتەری بەهێـزو لاواز فۆڕمـی بازاڕیـی (هـەروا دەبێت)یان هەڵبـژاردووە، جێـی سـەرنجە، کـە هیـچ یەکێـك لـە بەسـتەری بەهێـزو لاواز، بـە فۆڕمـی بێگانـەی فایـن وەڵامیـان تۆمارنەکـردووە.

سـەبارەت بـە پرسـیاری دووەم، تەنهـا لـە ٦٪ ی بەشـداربووانی تـۆڕی بەسـتەری بەهێـز ئاماژەیـان بـە فۆڕمـی ستانداردی (بەردەوامـم) کـردووە، لـە کاتێکـدا بـە ڕێـژەی ٢٢٪ ی تـۆڕی بەسـتەری لاواز هەمـان فۆڕمیـان هەڵبـژاردووە، بـە هەمـان شـێوە بـۆ فۆڕمـی سـتانداردی ڕۆژانـەی (باشـدەڕوات)، تەنهـا ٤٪ ی بەشـداربووان ئاماژەیـان بـۆ کـردووە، لـە کاتێکـدا تـۆڕی بەسـتەری لاواز بـە ڕێـژەی ٢٦٪ پشـتیان بـە هەمـان وەڵام بەسـتووە، جێـی سـەرنجە فۆڕمـی بازاڕیـی (وا تەقـەی لـێ هەڵئەسـتێنم) لەلایـەن تـۆڕی بەسـتەری بەهێـزەوە تەنهـا ١٠٪ ی بەشـداربووان ئاماژەیـان بـۆ کـردووەو هیـچ یەکێـك لـە بەسـتەری لاواز بـەم فۆڕمـە بازاڕییـە وەڵامیـان تۆمارنەکـردووە.

سـەبارەت بـە پرسـیاری سـێیەم، زۆرتریـن ڕێـژەی بەشـداربووانی سـەر بـە تـۆڕی بەسـتەری لاواز بـە فۆڕمـی سـتانداردی (بەسـەرچاو، لـە خزمەتـدام) وەڵامیـان تۆمارکـردووە، کـە بەنزیکەیـی دەکاتـە ٥٣٪، بـەڵام کەمتریـن ڕێـژەی بەشـداربووانی سـەر بـە تـۆڕی بەسـتەری بەهێـز، کـە دەکاتـە ١٠٪ ئاماژەیـان بـۆ هەمـان فـۆڕم کـردووە. بـە ڕێـژەی لـە ٧٪ ی تـۆڕی بەسـتەری لاوازو لـە ٩٪ ی تـۆڕی بەسـتەری بەهێـز ئاماژەیـان بـۆ فۆڕمـی بازاڕیـی (بـاش) کـردووە. جێـی سـەرنجە هیـچ یەکێـك لـە بەسـتەری بەهێـزو لاواز بـە هەڵبژاردنـی فۆڕمـی بێگانـەی (ئـۆف کـۆرس شـوە)، وەڵامیـان تۆمارنەکـردووە.

سـەبارەت بـە پرسـیاری چـوارەم، بـە ڕێـژەی ٥٧٪ ی تـۆڕی بەسـتەری لاواز بـە هەڵبژاردنـی فۆڕمـی سـتانداردی (سوپاسـتدەکەم)، (ئەزیزیـت)، بەرانبـەر بـەوە بـە ڕێـژەی ٢٠٪ ی تـۆڕی بەسـتەری بەهێـز ئاماژەیـان بـە هەمـان فـۆڕم داوە. هەروەهـا ١١٪ی تـۆڕی بەسـتەری بەهێـز و لـە ١٪ی بەسـتەری تـۆڕی لاواز بـە هەڵبژاردنـی فۆڕمـی بازاڕیـی (چاومانـی)، وەڵامیـان تۆمارکـردووە.

سـەبارەت بـە پرسـیاری پێنجـەم، بـە ڕێـژەی لـە ٥٤٪ ی بەشـداربووانی سـەر بـە تـۆڕی بەسـتەری لاوازو بـە ڕێـژەی ٣٢٪ ی تـۆڕی بەسـتەری بەهێـز بـە هەڵبژاردنـی بـژاردە سـتانداردەکانی (هاوبەشـی خەمتانیـن)، (پێمناخۆشـبوو) وەڵامیـان تۆمارکردووە، لـە کاتێکـدا ئاماژەکـردن بـە فۆڕمـی بازاڕیـی (هـەر گوێشـی مەیـەرێ) لەلایـەن تۆڕی بەسـتەری

بەهێزەوە بە ڕێژەی ١١٪ و لەلایەن تۆڕی بەستەری لاوازەوە بە ڕێژەی ١٤٪ وەڵامدراوەتەوە. جێی سەرنجە هیچ یەکێك لە بەشداربووان بە فۆڕمی بێگانەی (ئای فێل سۆری) وەڵامیان تۆمارنەکردووە.

سەبارەت بە پرسیاری شەشەم، نزیکەی ڕێژەی ٥٧٪ ی بەشداربووانی تۆڕی بەستەری لاواز بە فۆڕمی ستانداری (پیرۆزە)، (بەدڵی خۆش)، هەروەها تۆڕی بەستەری بەهێز بە ڕێژەی ١٩٪ بە هەڵبژاردنی هەمان دوو فۆڕم وەڵامیانداوەتەوە. هەروەها فۆڕمی بازاڕیی (ئەك بەخۆشی) لەلایەن بەشداربووانی تۆڕی بەستەری بەهێز بە ڕێژەی ٢٠٪ و تۆڕی لاواز بە ڕێژەی ١٪ وەڵامیان تۆمارکردووە، جێی سەرنجە، کە هیچ یەکێك لە بەشداربووان بە فۆڕمی بێگانەی (کۆنگراجولەیشن) وەڵامیاننەداوەتەوە.

سەبارەت بە پرسیاری حەوتەم، فۆڕمی بازاڕیی (ئیش هەر لە خۆو جوانە) لەلایەن تۆڕی بەستەری لاوازەوە بە ڕێژەی ١٤٪ و لەلایەن تۆڕی بەستەری بەهێزەوە بە ڕێژەی ٢٨٪ وەڵامدراوەتەوە، جێی سەرنجە تەنها لە ١٪ ی بەشداربووانی تۆڕی بەستەری لاواز بە فۆڕمی بێگانەی (ڤێری/ سۆ نایس) وەڵامیانداوەتەوە.

سەبارەت بە پرسیاری هەشتەم، بە نزیکەیی ڕێژەی ٥٥٪ ی تۆڕی بەستەری لاوازو ٢٤٪ ی تۆڕی بەستەری بەهێز، بە بەکارهێنانی هەردوو فۆڕمی ستانداردی (دەستخۆش)، (تەمەندرێژبیت)، وەڵامیانداوەتەوە، هەروەها بە ڕێژەی ١٪ ی تۆڕی بەستەری لاواز و ١٤٪ ی تۆڕی بەستەری بەهێز بە هەڵبژاردنی فۆڕمی بازاڕیی (یەك پارچە دڵی)، هاوکات بە ڕێژەی ١٪ بۆ هەردوو بەستەری بەهێزو لاواز بە ئاماژەکردن بۆ فۆڕمی بێگانەی (سانکیو ئەهیپ) وەڵامیان تۆمارکردووە.

سەبارەت بە پرسیاری نۆیەم، تۆڕی بەستەری لاواز بە نزیکەیی ڕێژەی ٥٧٪، هاوکات تۆڕی بەستەری بەهێز بە نزیکەیی ڕێژەی ٢٥٪ بە هەڵبژاردنی هەردوو بژاردەی ستانداردی (پێمناخۆش بوو)، (گلەیبێت) وەڵامیانداوەتەوە، هەروەها بە ڕێژەی ١٪ ی گروپی بەستەری لاوازو ١٣٪ ی گروپی بەستەری بەهێز بە فۆڕمی بازاڕیی (زۆر عەیبە بۆو) ئاماژەیان بۆ وەڵامەکە کردووە. جێگەی سەرنجە، کە تەنها لە ١٪ ی تۆڕی بەستەری لاواز بە هەڵبژاردنی فۆڕمی بێگانەی (شەیم ئۆن یو) وەڵامیانداوەتەوە.

سەبارەت بە پرسیاری دەیەم، بۆ هەریەك لە فۆڕمە ستانداردەکانی (خوات لەگەڵ)، (کاتێکی خۆش)، (دەتبینمەوە) لەلایەن تۆڕی بەستەری لاوازەوە بە نزیکەیی ڕێژەی ٩١٪ ە، لەلایەن تۆڕی بەستەری بەهێزەوە ڕێژەی ٣٣٪ ئاماژەیان بۆ کردووە، ئەگەرچی هیچ یەکێك لە تۆڕی بەستەری بەهێز ئاماژەی بە بژاردەی (کاتێکی خۆش) نەکردووە، هەروەها فۆڕمی بێگانەی (بای) لەلایەن تۆڕی بەستەری بەهێز بە ڕێژەی ٥٪ و تۆڕی بەستەری لاواز بە ڕێژەی ٢٪ وەڵامیان تۆمارکردووە.

## ئەنجامەکان

لەشیکردنەوە کارەکییەکانی بەشی دووەمدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١. تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەران، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە هەڵبژاردنی فۆڕمە زمانییەکاندا هەیە، ئەم هەڵبژاردنەش پێگەی ئاخێوەر لە تۆڕەکەدا دیاریدەکات، کە ئایا کەسەکە لە چەقی تۆڕەکەدایە، یان لەپەراوێزی تۆڕەکەدایە.

٢. بەستەرە بەهێزەکان مەیلی بەکارهێنانی فۆڕمە ناستانداردەکانی ڕۆژانەیان هەیە، لە کاتێکدا بەستەرە لاوازەکان زیاتر فۆڕمە ستانداردەکان بەکاردەهێنن، ڕێژەی ئاماریی ئەم فۆڕمە زمانییە بەکارهاتووانە ئەو ڕاستییەمان

پێدەڵێن، کە بەکارهێنانی زمان لای بەستەرە بەهێزەکان زیاتر زمان بەرەو (گۆڕان و پەرشبوونەوە دەبەن، لەکاتێکدا بەهۆی بەستەرە لاوازەکانەوە زیاتر پارێزگاریی لە فۆرمە ستانداردەکانی زمان و نۆرمە باوەکان دەکرێت.

٣. یەکێک لەو ئەنجامە سەرنجڕاکێشانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەستهاتووە، ئەوەیە، کە خوێندکارانی قۆناغی (چوارەم)ی هەردوو بەشی (کوردی) و (وەرگێڕان) لە هەڵبژاردنی وەڵامەکاندا هەرچەندە بەتەمەن گەنجن، بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەربڕاوی بیانییان هەڵبژاردووە، دیارە ئەمەش بۆ سروشتی خوێندن لەو دوو بەشەدا دەگەڕێتەوە، بەوپێیەی بەهۆی پسپۆڕیی بەشەکانەوە گرنگییەکی بەرچاو بە زمانی کوردی دەدرێت.

٤. لە هەڵبژاردنی وەڵامەکاندا، بە ڕێژەیەکی زۆر ئەو فۆڕمە زمانییانە دەبینرێنەوە، کە کاریگەریی ئاینی ئیسلامی پیرۆزیان لەسەرە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەردەوامیی هەژموونی کلتوری ئیسلامی لەسەر ئاخێوەرە گەنجەکامان.

## أسس الشبكات الاجتماعية في التنوع اللساني الكوردي


## الملخص

تندرج هذه الدراسة في سياق مشروع بحث يتمحور حول ما نسميه(أسس الشبكات الاجتماعية في التنوع اللساني الكوردي) في ضوء اللسانيات الاجتماعية ،وهي دراسة تطبيقية في تحليل الشبكات الاجتماعية للمتحدثين بها وتوزيعها على الوحدات اللسانية بناء على تقبلها وتأثيرها في تغيير و تنويع اللسان الكوردي.

وهذه الدراسة اشتملت على مبحثين اثنين سبقتها مقدمة وتلتها خاتمة تضمنت أهم النتائج المتوصل إليها ، والمبحث الأول ألقت الضوء على أهمية نظريات الشبكة الاجتماعية (أنماطها ومعايرها) مع أهم الآراء التي ذكرت حولها ،إلى جانب التطرق إلى أهم الروابط القوية والضعيفة منها والتي تؤثر في تباين وتجديد اللغة .

وخصص المبحث الثاني للتحليل المختبري والإرتكان إلى تحليل المعطيات العلمية تحليلا رياضيا من خلال النظريات الإحصائية الدقيقة بواسطة برامج (SPSS) كلغة معالجة لإجراء التحليلات الإحصائية الرياضية المختلفة دراسة وصفية تحليلية بناءً على المنظور اللساني الاجتماعي للشبكات الاجتماعية.


الكلمات المفتاحية: الشبكة الاجتماعية، التنوع، القدرة الاجتماعية، الروابط القوية، الروابط الضعيفة، الروابط الاحادية، الروابط متعددة الابعاد.

## The Basis of Social Networks in Variation within Kurdish Language


## Abstract

The title of this study is (The Basis of Social Networks in Variation within Kurdish Language). This study is within the field of sociolinguistics and is particularly concerned with a descriptive analysis of the term social network and a division of linguistic units based on the social networks of users and their effect on change and variation in Kurdish language. The study comprises of two parts. The first part explains the social network theory, its criteria, its types, and the different viewpoints related to

this theory. In addition, the weak and strong ties, which are the driving forces for the development and novelty of language, are presented. The second part is devoted to the practical aspect of the effects of the social network ties on the variation in Kurdish language. In the end, the results are obtained using the SPSS statistics and then analyzed based on the social network theory and descriptive-analysis methodology.

**Key Words: Social Network, Variation, Social capacity, Strong tie, Weak tie, Uniplex tie, Multiplex tie.**

## سەرچاوەکان

١. بەزمانی کوردی:

- حەمیـد عەزیـز (٢٠١١)، بنەڕەتەکانـی فەلسـەفەی کۆمەڵایەتـی، دەزگای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریانـی، چاپـی دووەم، هەولێر.

- مەنوچیهـر موحسـنی، (٢٠٠٢)، و: ڕێبـوار سـیوەیلی، موسـڵح ئیروانـی، مـراد حەکیـم، دارا سـوبحان، ئەبوبەکرعەلـی، دڵشـادحەمە، تەحسـین تەهـا، دەوازەکانـی کۆمەڵناسـی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریانـی، چاپـی یەکـەم، هەولێـر.

٢.بەزمانی عەرەبی:

جرهارد هلبش(٢٠٠٧)، ترجمة: سعيد حسن بحيرى، تطور علم اللغة من ١٩٧٠م، طبعة الاولى، القاهرة.

هدسون (١٩٨٧)، ترجمة: محمودعبدالغنى عياد، علم اللغة الاجتماعى، طبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية، بغداد.

٣_بەزمانی ئینگلیزی:

Granovetter Mark (1973). The Strength of Weak Ties. American Journal of Sociology, 78(6), p. 1360–1380.

james Milroy, and lesly Milroy (1978). Belfast: Change and variation in an urban vernacular. In P. Trudgill (ed.), Sociolinguistic Patterns in British English. London

James Milroy, and lesly Milroy. (1993). "Mechanisms of Change in Urban Dialects: The Role of Class, Social Network and Gender." International Journal o f A pplied Linguistics Vol. 3, No 1.

John Paolillo(1999) ,The Virtual Speech Community: Social Network and Language Variation on IRC, Volume 4, Issue 4.

lesly milroy, and sue margrain. (1980) "Vernacular language loyalty and social network". in Language in Society. Vol. 9 Cambridge: Cambridge University Press, p. 4370-.

miriam meyerhoff(2011), Introducing Sociolinguistics, USA and Canada,

٤. ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

- Http://www.ello.uos.de/field.php

## پاشکۆ:

لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، وێنەیەک لەفۆڕمی ڕاپرسیی ئامادەکراو بۆوەرگرتنی داتاکان دانراوە.

## فۆڕمی ڕاپرسی

سڵاوی زانست....

بەڕێزان ئـەم فۆڕمـی ڕاپرسـییە، بەمەبەسـتی کۆکردنـەوەی داتا بـۆ توێژینەوەیەکـی زانسـتی بەناونیشـانی (بنەمای تۆڕی کۆمەڵایەتـی لـە فرەجۆرێتـی زمانـی کوردیدا)یـە، پێشکەشـی بەڕێزتـان دەکرێـت، بەجۆرێـك بەرانبـەر هەرپرسـیارێک (٤) بـژاردە دانـراوە، کـە دەتوانـن بـە هێـمای (√) ئامـاژە بـۆ وەڵامـە پەسـەندکراوەکەتان بکـەن، یـان هـەر دەربڕاوێکـی تـر، کـە خۆتـان بەکاریدەهێنـن و لـە بژاردەکانـدا ئامـاژەی بـۆ نەکـراوە.

سوپاس بۆهاوکارییتان..

توێژەر: پ. ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

زانیاریی کەسی:

ڕەگەز: نێر ، مێ

تەمەن: ساڵ

شوێنی نیشتەجێبوون:

پیشە:

دیاریکردنی تۆڕی پەیوەندیی بەشداربوو:

جـۆری پەیوەندیـی بەشـداربوو، بەپێـی بەسـتەری بەهێـزو لاوازە، بـۆ دیاریکردنـی پەیوەندییەکـەش نیشـانەی (√) بەکاربهێنـە:

أ. پەیوەندیی خێزانی پلە یەك

ب. پەیوەندیی هاوڕێیەتی

پ. هاوپیشە

ت. پەیوەندیی نێو-زانکۆیی/ مامۆستا

د. پەیوەندیی نێو-زانکۆیی/ فەرمانبەر

دیاریکردنی هەمەجۆرێتی فۆرمە دەربڕاوەکان:

١. ئەگەر ( ) سڵاوی لێکردیت، وەڵامدانەوەت کام لەم دەربڕاوانە دەبێت:

سوپاس ، لەخوابەزیابێ باشم ، هەروادەبێت ،، فاین

دەربڕاوی تر .........

٢. ئەگەر ( ) هەواڵی (تەواوکردنی کارێک)ی لێپرسیت، کام لەم دەربڕاوانە بەکاردەهێنیت؟

بەردەوامم ، باشدەڕوات ، وا تەقەی لێهەڵئەسێنم ، لەگەڵی ئەڕۆم

دەربڕاوێکی تر .......

٣. ئەگەر (   ) داوای لێکردیت کتێبێکی بۆ بهێنیت، کام لەم دەربڕاوانە بەکاردەهێنیت؟
بەسەرچاو ، لەخزمەتدام ، باش ، ئۆف کۆرس شوە
دەربڕاوێکی تر ..........

٤. ئەگەر سوپاسگوزاریی (   ) بیت، کام لەم دەربڕاوانە بەکاردەهێنیت؟
سوپاستدەکەم ، سانکیو ، ئەزیزیت ، چاومانی
دەربڕاوێکی تر .............

٥. ئەگەر هاوخەمیی بۆ(  ) دەرببڕیت، کام لەم دەربڕاوانە بەکاردەهێنیت؟
هاوبەشی خەمتانین ، پێمناخۆشبوو ، ئای فیڵ سۆری ، گوێشی مەیەرێ
دەربڕاوێکی تر ..........

٦. ئەگەر پیرۆزبایی لە ( ) بکەیت، کام لەم دەربڕاوانە بەکاردەهێنیت؟
پیرۆزە ،، بەدڵیخۆش ، ئەک بەخۆشی ،، کۆنگراجولەیت
دەربڕاوی تر .......

٧. ئەگەر بە (   ) دا هەڵبدەیت، کام لەم دەربڕاوانە بەکاردەهێنیت؟
ئیش هەرلەخۆو جوانە ، هەربمێنیت ، ڤێری/ سۆنایس ، نایس جۆب
دەربڕاوی تر ..........

٨. ئەگەر ستایشی کارەکانی (   ) بکەیت، کام لەم دەربڕاوانە بەکاردەهێنیت؟
دەستخۆش ، تەمەندرێژبیت ، یەک پارچەدڵیت ، سانکس ئەهیپ
دەربڕاوی تر .....

٩. ئەگەر گلەیی لە (   ) بکەیت، کام لەم دەربڕاوانە بەکاردەهێنیت؟
پێمناخۆشبوو ، زۆر عەیبە بۆو ،، گلەیی بێت ، شەیم ئۆن یو
دەربڕاوی تر .........

١٠. ئەگەر (   ) خوداحافیزی لێکردیت، کام لەم دەربڕاوانە بەکاردەهێنیت؟
کاتێکی خۆش ، دەتبینمەوە ، خوات لەگەڵ ، بای
دەربڕاوی تر..................